# سکاڵایەك بۆ تەلەفیزۆنە کوردییەکانمان!

## لە گەڵ کوردی ئێران وامەبن !!؟؟

پێتان ناڵێم تەلەفیزۆنی پارتی یان یەکێتی ،لە بەر ئەوەی کە لە پێشدا بە تەلەفیزیونی کوردی تان دەناسم و وەك راگەیەنەرێکی ماندوویی شەو و رۆژ نەناستان چاو لێ دەکەم و هەموو کات و سات بە چاویی دڵی ئێوەم چاو لێ کردوون. هەر لە هەمان کاتیشدا پڕ بە دڵی مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر سوپاسی خۆم پێشکەشی هەر دوو لایەنی سیاسی بەرپرس واتە یەکێتی و پارتی دەکەم کە لە زۆر بوار و بابەتی گرینگەوە لە پشتی ئێوە راوەستاون ، و لەو رێگایەوە خزمەتی زیاتر بە فەرهەنگ و کەلەپووری نیشتمان و خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەن.

هەر کات بزووتنەوەی کوردی لە پارچەیەکی کوردستانی داگیرکراو دەستی پێ کرد بێ، و ئەو بزووتنەوەیە تووشی شکان یان سەرکەوتن هات بێت، یان درێژەی بوو بێت. بە بێشك تەئسیری راستەوخۆی لەسەر پارچەکانیتری کوردستان بووە و هەیە. بۆ زۆر کۆن ناگەرێمەوە و لە نزیك کۆماری کوردستانەوە دەست پێ دەکەم. کاتێك حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا، ساڵێك زیاتری پێ نەچوو کە پارتی دێمۆکراتی کوردستان دامەزرا. کاتێك کۆماری کوردستان راگەیەندرا لە هەر چوار قوژبنی کوردستانی گەورە و پیرۆز، کاروانی دڵسۆز و خەباتگێران بەرەو قیبلەی راستی دەروونی خۆیان(کۆماریکوردستان) وەرێ کەوتن و بارزانی و بارزانییەکان لە باشترین سوار چاکانی ئەو کاروانە بوون و لە راگرتن و پاراستنی دا لە هیچ گیان بە ختکردنێك ( ئەلحەق) سڵیان نەکرد.

ئەو بە پیرەوە هاتنەی بارزانییەکان بوو بە هۆی یەکێك لە هەرە کۆڵەکە قایمەکانی پەیوەندی ئەو دوو بەشەی خاکی نیشتمان، هەر بەو دەلیلەش بوو کاتێك مەرحوومی بارزانی لە شاری شنۆیە کۆچی دوایی کرد.

خەڵکی کوردستان بە بێ لە بەر چاوگرتنی هیچ زەبرو زەنگ و زیندانی و کوشتنێکی حکوومەتی شای ئێران پۆل پۆل بۆ بەرێ کردن، بەرەو تەرم و مەزاری پێشمەرگەی کۆماری خۆیان وەرێ کەوتن و بۆ دوا جار ماڵئاوایی کردن خۆیان گەیاندە شاری شنۆ و بە دەیان هەزار کەس هاواریان دەکرد، ( شنۆ شاریسەربەرزان ،میوانە شێری بارزان) ، و (ئەو کات شا و سەددام مابوون!) چەند رۆژ پاشتر بە دەیان تێکۆشەری کورد خرانە زیندانەکانەوە و ئێستاش نە شا ماوەو نە سەددام دەسەلاتدارە!! بەلاّم کوڕی کوردی بە قەنارە دا دەکرێ و یان بە گووللە هەمو لەشی پیرۆزی بە دەستی پاسدارانی ئێران دابێژ دابێژ دەکرێ کەچی تەلەفیزیونی کوردیمان باسی ناکات.

وام لێ هاتووە بڵێم خۆزگە عەرەبێکی پێپەتی بامایە، تەلەفیزۆنی ئەلجەزیرەی عەرەبی و ئانن باسمان دەکەن بەلاّم داخو هەزار مخابن هی خۆم هەر باسی ناکات کاتێکیش لە زمانی خەڵکانی ترەوە باس دەکات کە قاتڵی شەهیدەکانم (سپایپاسدارانیئێران) حەوتوویەك پێشتر لەوان باسی کردووە.

کاتێك حووکمی یاسای عێراق مۆر کراو گەلی کورد لەم بەشە دا بە هێندێك لەویست وئارەزۆکانی خۆیی گەیشت کوردی کوردستانی ئێران بە ئالای پیرۆزی کوردستانەوە بەرەو زیارەتگای پێشەوا رۆیشتن و مژدەی رزگاری بەشێك لە خاکەکەیان پێداو رۆژی دواتری بە دەیان لاو شەلاّلی خوێن کران کەچی داخی بە جەرگم تەلەفیزۆنی کوردیمان

له پێش خەڵکانی تردا نە تەنیا باسی نەکرد ، بەڵکوو هەر لە بیریشیان چۆتەوە کە کوردی ئێران لە ساڵی ١٩٩١ وە بۆتە نەوتی چرایی پاراستنی پاڕلمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو شتێکی خۆی را گرتووە.

رۆژی٢٠ ی ئاوریلی ٢٠٠٤ پتر لە هەزار کەس بەرەو پەردە لادانی هیمایی شەهیدانی میکۆنووس کەوتنە رێ و دەیان نوێنەر و هەواڵنێری ئینگلیزی زبان عەرەب و فارس ئاڵمانی و کوردو... لێ بوو کەچی بەداخێکی گرانەوە تەلەفیزۆنەکانی کوردیمان نە تەنیا لەوێ نەبوون بەڵکوو هەر باسیشیان نەکرد و کاتێك باس دەکەن کە ئێران دەزگایی روناکبیری ئاڵمانی لە سەر ئەم قەزییە لە تاران داخستووە. بەڵام وا دیارە ئەگەر لە جیاتی خوێنی شەهیدەکانمان شتێکی ئاسایی‌تر بایە باسیان دەکرد.

بەڵێ کورد دەڵێ قسە زۆرە و یەکی بەکارە ، و منیش دەڵێم تف هەڵاویم ڕووی خۆم دەگرێتەوە. جا کەواتە لە گەڵ کوردی ئێران وامەبن خوێن هەر خوێنە ، و نابێ بە ئاو .

hahimrz@yahoo.com ئاڵیکەندی ٢٧٠٤ ی کوردی

www.rojhalat.de